جومانە غەلایە:دەستمانکردووە بە چاپکردنی کاغەزی دەنگدان

وتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند ڕێکارەکانی کردنی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانیان ڕانەگرتووە و، دەست بە چاپکردنی کاغەزی دەنگدان کرا.

جومانە غەلایە،وتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند: "کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەردەوامە لە ڕێکارەکانی بە ئەوەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەپێی پێوەرە نەودەوڵەتییەکان بکات و نووسینگەکانی کۆمیسیۆن بەتایبەت لە هەرەمی کوردستان بەردەوامن لە کارەکانییان بە دابەشکردنی کارتی بایەمەتری لە 173 بنکەی تەمارکردن، بەپێی هەواڵی ڕاگرتنی کارەکانی کۆمیسیۆن دوورە لە ڕاستییەوە."

وتەبێژی کۆمیسیۆن دەڵێت، لەچوارچێوەی ئامادەکارییەکانی کۆمیسیۆن بە هەڵبژاردنەکە "کۆمیسیۆن دەستیکردووە بە چاپکردنی کاغەزی دەنگدان کە ناوی پارتە سیاسییەکان و هاوپەیمانیەتییەکان و ژمارەی ئەو بەربژێرانەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشدارن، لەخۆدەگرێت."